بە لایەنی کەم 37 کەس گیانیان لەدەستداو 6 کەسیش بەسەروشوێن بوون بەهۆی بارانی بەخوێ لە بولیڤیا



خوان کارلۆس کالڤیمەنتیس، جێگری وەزیری بڕگری شارستانی وەاتی بولیڤیا ڕایگەیاندووە، بەهۆی بارانێکی زۆر لە بولیڤیا لە مانگی یازدەی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا بە لایەنی کەم 37 کەس بەوهێیەوە گیانیان لەدەستداوە و 6 کەسیش بەسەروشوێن بوون.

کالڤیمەنتیس ئاماژەی بەوەدا، کە ژمارەی قوربانیانی بارانبارین لە مانگی تشرینی دووەمی 2024ەوە 16 کەس لە پارێزگای کۆچابامبا گیانیان لەدەستداوە، هەروەها بارانێکی بەخوێ 379 خانووی وێران کردووە کە زۆربەیان لە پارێزگای لاپاز بوون و 319 خانوو وێران بوون، جگە لە 35 خانوو لە کۆچابامبا، 20 خانوو لە بەنی و 5 خانوو لە پێتەسی.

کالڤیمەنتیس جەختی لەوە کردەوە کە مەترسییەکانی کەشوهەوای سەخت لە چەند ناوچەیەکی بولیڤیا بەردەوامن لەوانە لاپاز، کۆچابامبا، تاریگا، پاندۆ، بەنی و پێتەسی.

یەکەم حاڵەتی لەناکاو لە وەرزی باران بارین لە شاری لاپاز بوو، کاتێک بارانێکی بەخوێ بووە هۆی داڕمانی زۆری لە ناوچەی نیشتەجێبوونی باجە لیەگیتا، کە بەوهێیەوە زیاتر لە 40 کەس لەژێر خاکدا نوقمبوون.